سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری
زانستی و خوێندنی باڵا

بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان

# ڕێبەری

# (توێژینەوەی دەرچوون)ی بەکالۆریۆس

**ئامادەکردنی:**


د. موفق خالد ابراهیم — ڕاگری فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

م.ی. ڕێبوار ئەرسەلان محمد — بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پرۆگرامەکان/زانکۆ

م.ی. ئارام قادر صابر — ل. هۆبەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان/ ف. ز. مرۆڤایەتییەکان

م.ی. صلاح بابکر حسێن — ب. سەنتەری پەرەپێدان و زمانی ئینگلیزی


2014

# ناوەرۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 2 | پێشەکی |
| 3 | پڕۆژەی (توێژینەوەی دەرچوون) چییە؟ |
| 4 | ئامانجەکانی پرۆژەی توێژینەوەی دەرچوون |
| 6 - 5 | دەرەنجامەکانی فێربوون |
| 7 | پرۆسەی توێژینەوەی دەرچوون |
| 8 | جۆرەکانی پرۆژەی توێژینەوەی دەرچوون |
| 9 | هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان |
| 11 - 10 | وەرگرتنی رەزامەندی |
| 14 ـ 12 | کارکردن لەگەڵ سەرپەرشت |
| 19 - 15 | شێواز و فۆرماتی نووسینی توێژینەوەی دەرچوون |
| 20 | رادەستکردنی توێژینەوەی دەرچوون |
| 25 - 21 | هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی توێژینەوە |
| 27 - 26 | ئەنجامی کۆتایی و وەرگرتنەوەی نمرەی توێژینەوە |
| 29 - 28 | رێکارە یاساییەکان لە پرۆژەی توێژینەوەدا |

# پێشەکی

یەکێک لە پێوەرە هەرە سەرەکیەکانی هەڵسەنگاندن و پلەبەندی بۆ ئاستی زانستیی هەر زانکۆیەک لە سەرتاسەری جیهاندا، بریتییە لە توێژینەوەی مامۆستایان و خوێندکاران و ستافی ئەکادیمیی زانکۆ، بەڵام چ جۆرە توێژینەوەیەک؟ بێگومان ئەو توێژینەوانەی ناوەرۆک و کاریگەریی راستەقینەیان هەیە و رێڕەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگییەکان و لایەنەکانی تری ژیان دەگۆڕن. نەک ئەو توێژینەوانەی کە تەنها بۆ بەدەستهێنانی نمرە دەنوسرێن و ئامانج و پێوەرە لۆژیکی و ئێتیکی و زانستییەکان رەچاو ناکەن.

لێرەوە، (**زانکۆی راپەڕین**) بە هەستکردن بە گرنگیی توێژینەوە و بایەخدان بەم بابەتە، کاردەکات تا ئاستی توێژینەوە لە زانکۆماندا بەرەوپێش ببات، هەروەها بە میکانیزمێک رێکیبخات و رێبەرێکی شیاوی بۆ دابنێت، بۆ ئەمکارەش لیژنەیەک راسپێردرا و ئەم رێبەرەیان ئامادەکرد. دواتریش لە رێگەی سیمینارێکەوە مامۆستایانی زانکۆ گفتوگۆیان لەبارەوە کرد و رەخنە و تێبینییەکانیان لەسەر رێبەرەکە خستەڕوو، ئنجا نێردرا بۆ سەرۆکایەتیی و ئەنجومەنی زانکۆ تا پەسەند بکرێت.

ئەم رێبەرە، بە شێوەیەک ئامادەکراوە، یارمەتی خوێندکارانی خوێندنی بەرایی دەدات، لە پرۆسەی تەواوکردنی پرۆژەی (توێژینەوەی دەرچوون)دا، کە دەرفەتێکە بۆ خوێندکار تاکو بتوانێت توانستی زانستیی خۆی پیشانبدات لەو بوارەی ئەکادیمییەی کە ئارەزووی توێژینەوەی تێدا دەکات، بە گوێرەی پسپۆڕییەکەی. لەبەرئەوە، هەندێکجار خوێندکار هەست بەتەنهایی دەکات کە پرۆژەکەی بەبێ یارمەتی ئەنجامدەدات، بەڵام ئەوە دەستکەوتێکی گەورەی زانستی و ئەکادیمییە کە بتوانێت بە دەستی بهێنێت لە ماوەی خوێندندا.

بۆ کارکردن لەگەڵ سەرپەرشت یان دەستەی وانەبێژی، خوێندکار دەبێت رەچاوی هەموو ئەو رێسا و رێنمایی و خاڵانە بکات و پێیانەوە پابەند بێت کە زانکۆ و فاکەڵتی و سکوڵ و بەشەکەی و سەرپەرشتەکەی پێیدەدەن یان بۆی ڕووندەکەنەوە، هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەو ماوەیە بێت کە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکەی دیاریکراوە. بۆیە لەم رێبەرەدا، سەرەڕای ناساندن و ئامانج و ئەنجامی توێژینەوە، هەموو ئەو رێسا و رێنمایی و خاڵ و لایەن و هەنگاوانە، کە بۆ نووسینی توێژینەوە پێویستن، لەگەڵ فۆرم و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و نمرەدانان بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕوونکراونەتەوە.

## پڕۆژەی [توێژینەوەی دەرچوون] چییە؟

پڕۆژەی توێژینەوەی دەرچوون، توێژینەوەیەکە لە سەر بابەتێکی دیاریکراو، کە ماف بە خوێندکار دەدات بە چاودێریی و هاوکاریی لیژنەی زانستیی و سەرپەرشتەکەی، پرسیار و کێشەی توێژینەوە و دواتر ناونیشانێک هەڵبژێرێت بە گوێرەی پسپۆریی و ئەو بوارەی تێیدا دەخوێنێت کە تێیدا خۆی دیزاین و پلان و شیکردنەوە بکات لەو بوارەدا و لە کۆتایشدا ئەنجامەکەی بخاتەڕو.

توێژینەوەی دەرچوون، شێوازێکی نووسینی ئەکادیمییە و لە دواساڵی بەکالۆریۆسدا دەنووسرێت و لە کۆتایی ساڵی خوێندنەکەدا (مانگی ئایار) پێشکەشی بەش دەکرێت. توێژینەوەکە تا رادەیەک درێژە و دەروازەیەکی گرنگە تا خوێندکار لەسەر کاری توێژینەوە و نووسینی ئەکادیمی رابهێنێت.

پڕۆژەی توێژینەوە، دەستپێکێکی گرنگە بۆ راهێنانی خوێندکار، تاکو ببێتە توێژەرێکی سەرکەوتوو لە بوارە زانستییەکەیدا، ئەمەش بەوە دەبێت کە خوێندکار بە هاوکاری وانە پەیوەندیدارەکان و سەرپەرشتی توێژینەوەکەی بە وردی شارەزای میتۆد و بنەما و هەنگاوەکانی توێژینەوە ببێت. بە تایبەت لە هەندێ بەشی زانکۆییدا، کە خوێندکار لە دوای دەرچوونی دەبێتە توێژەر.

ئەو مافپێدانە لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە خاڵێکی بێ هاوتایە بە بەروارد لەگەڵ وانەکانی تر کە مامۆستا یان ستافی ئەکادیمی بۆی دیاریکردوە و لە ناو پۆلدا باسیدەکات. لەبەرئەوە، لە قۆناغی دەستپێکدا تا ڕادەیەکی زۆر ڕووندەبێتەوە کە تا چەند  خوێندکار هەوڵی پێشخستنی لایەنی زانستی خۆی دەدات.

پڕۆژەی توێژینەوە لە دامەزراوە زانستیی و پیشەییەکاندا دەبێتە بنەما بۆ پیشە و پسپۆریی ئاییندە، لەبەرئەوە کارکردن بە شێوەیەکی زانستی لە پڕۆژەی توێژینەوە خاڵێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی پیشەیەک کە تێیدا سەرکەوتوو بیت، ئەمە جگە لەوەی دەتوانیت بەشدارییەکی کارات هەبێت لە پێشخستنی ئەو دام و دەزگایەی کاری تێدادەکەیت، هەروەها بە شێوەیەکی گشتیش لە پێشخستنی وڵاتەکەت لە رێگەی ئەو دەرەنجامانەی لە توێژینەوەکەتدا پێیدەگەیت.

## ئامانجەکانی پرۆژەی [توێژینەوەی دەرچوون]

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی دەرچوون ئەوەیە کە خوێندکار بتوانێت ئەو زانست و زانیارییەی لە ماوەی خوێندنەکەیدا فێری بووە بە شێوەیەکی زانستیی لە پڕۆژەی توێژینەوەکەیدا ڕەنگبداتەوە، لەبەرئەوە ئامانج لێی بریتییە لە:

1. دەرخستنی توانای خوێندکارە لە هەڵبژاردنی کێشە (کە جیاوازە لە گرفت و ئاستەنگەکانی توێژینەوە) و پرسیاری توێژینەوە و باشترین ناونیشان کە لەگەڵ توانا و ئارەزوی خۆی و پسپۆڕیی بەشەکەی بگونجێت.

2. بەرەوپێشبردنی توانای خوێندکارە بۆ دانانی ستراتیجییەکی ڕێکوپێک و فۆرمەلەکردنی پرسیاری توێژینەوە و دانانی گریمانە و تاقیکردنەوەیان، کە بە وەڵامدانەوە و جێبەجێکردنیان سود بە بوارێک لە بوارەکان بگەیەنێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

3. فێرکردنی خوێندکارە بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین میتۆد لە نێوان میتۆدە زانستییە بەکارهاتووەکان بە گوێرەی پسپۆڕیی و بابەتی توێژینەوەکە.

4. بەرەوپێشبردنی توانای هەڵبژاردن و بەدواداچون و بەکارهێنان و سودوەرگرتنە لە سەرچاوە زانستییەکان.

5. ڕاهێنان و فێرکردنی خوێندکارە تا بتوانێت کێشە و بابەتەکان شرۆڤە بکات، ئارگیومێنت دروستبکات و بە شێوازی هزرینی ڕەخنەیی توێژینەوەیان لەبارەوە بکات.

6. گەشەپێدانی توانای خوێندکارە بۆ نووسینی هەر توێژینەوەیەک بە شێوەیەک کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ بنەما زانستی و ئێتیکیەکانی نووسین.

7. بەکارهێنانی زانستییانەی زانین و زانیارییە بەدەستهاتووەکان و پەیوەستکردنیانە بە بازاڕی کار و پیشەوە.

8. بەکارهێنانی ئامرازی ڕەوا و گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

## دەرەنجامەکانی فێربوون

1. زانین و تێگەیشتن:

بە تەواوکردنی وانەکانی میتۆدی توێژینەوە و توێژینەوەی دەرچوون، دەبێت خوێندکار ئاستی زانین و تێگەیشتنی پیشانبدات لە:

- تێگەیشتن لە بنەما تیۆرییەکان بە گوێرەی پسپۆڕییەکەی.
- هەموو ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەی بەرەوپێشبردنی پسپۆڕییەکەی خۆی.
- میتۆدەکان و ئەو تەکنیکانەی کە لە توێژینەوەدا بەکاردەهێنرێن بۆ شیکردنەوە و دروستکردنی زانیاریی نوێ بە گوێرەی پسپۆڕیی بابەتەکەی.

2. لێهاتووییە هۆشەکییەکان:

ئەو خوێندکارەی کە پرۆژەی توێژینەوەکەی بە گوێرەی یەکێک لە میتۆدەکانی توێژینەوە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجامدەگەیەنێت دەبێت:

- بتوانێت بەگوێرەی ڕەنگدانەوەی ڕەخنەگرانە هەموو ئەو زانیارییانەی کە لە پێشتردا هەبووە بەشێوەیەکی سیستماتیکی ڕێکبخاتەوە و بیانخاتەڕوو.
- بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بە ئارگیومێنتەوە ڕەخنەو هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوە یان ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستن، بە گوێرەی پسپۆڕییەکەی خۆی، ئەنجامبدات.
- پیشانیبدات کە دەتوانێت خۆی ئاڕاستە بکات لە دۆزینەوەی سەرچاوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان، لە ڕێگەی توێژینەوەکەیەوە.

### 3. لێهاتووییە پیشەیی یان پراکتیکییەکان:

بە تەواوکردنی پڕۆژەی توێژینەوە بە سەرکەوتوویی، خوێندکار دەبێت:

- بتوانێت پلانی تۆکمە دابنێت بۆ پێشخستن و هەڵسەنگاندنی ئەو پسپۆڕیەی کاری تێدادەکات.
- دەبێت بەشداری کارای هەبێت لە بەرەوپێشبردنی وڵاتدا بەپێی پسپۆڕییەکەی خۆی.
- توانای بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردنی خۆی پیشانبدات لە بەرەوپێشبردنی سێکتەرە گشتی یان تایبەتییەکانی وڵاتدا.
- توانای پیشەیی و کارکردنی خۆی پیشانبدات لەو بوارەی کە خوێندویەتی و بڕوانامەی تێدا بە دەستدێنێت.
- توانای شرۆڤە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوی هەبێت بۆ قەیرانە جیاوازەکان و لێیانەوە بگاتە تێڕوانین و دۆزینەوە و زانینی نوێ.

### 4. لێهاتووییە گوازراوەکان:

خوێندکار بە تەواوکردنی پڕۆژەکەی دەبێت:

- بتوانێت شیکردنەوەی دروست بۆ کەسێتی پیشەیی خۆی بکات، بە ئامانجی پێشخستنی توانستە پیشەییەکانی.
- بەشێوەیەکی کاریگەر پەیوەندی و دانوستان و دیبەیت بکات لە ڕێگەی نووسین و گفتوگۆی زارەکی.
- بە شێوەیەکی کاریگەر بتوانێت زانیارییەکان و هۆکارە تەکنۆلۆجییەکان بەکاربهێنێت.
- توانای ڕێکخستنی کاتەکانی خۆی هەبێت بۆ کارکردن لە پڕۆژەی توێژینەوە و پڕۆژەکانی تر.

## پرۆسەی توێژینەوەی دەرچوون

پڕۆژەی توێژینەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی لە قۆناغی یەکەمی خوێندنەوە دەست پێدەکات، بەڵام خوێندکار لەو قۆناغەدا تەنها ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دەرئەنجامانەی کە لە پێشودا باسکران بەدەستی بهێنێت، ئەویش بە پاڵپشتی چەند بابەتێک کە برەو دەدات بەتوانا زانستی و ئەکادیمیەکانی خوێندکار وەک: گفتوگۆی زانستی، زمانی ئینگلیزی و زانستی کۆمپیوتەر، جگە لەمانەش بابەتی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی کە لە  قۆناغەکانی داهاتوو دەخوێنرێت.

سەرجەمی ئەو بابەتانەی کە یارمەتیدەرن جگە لە پسپۆڕییەکەی خۆت بۆ ئەوەی توێژینەوەیەک بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەیت، بریتین لە شەش بابەت کە لە بەش و قۆناغە جیاوازەکانی زانکۆدا دەخوێندرێن ئەوانیش: [گفتوگۆی زانستی  4 یەکە، زمانی ئینگلیزی 6 یەکە، کۆمپیوتەر 3 یەکە، ئامار 3 یەکە، زانستی میتۆدەکان 4 یەکە، میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی 4 یەکە، توێژینەوەی دەرچوون 2 یەکە]. سەرجەمی یەکەکان (26) یەکەیە بۆ ئەو بەشانەی هەموو ئەو بابەتانەی سەرەوە دەخوێنن.

میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی، بە شێوەیەکی سەرەکی، لە قۆناغی سێیەمدا دەخوێندرێت، چونکە خوێندکار تا رادەیەکی باش لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆی و توانا زانستیی و ئەکادیمییەکانی ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوەی فێری بووە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە پڕۆژەی توێژینەوەکەیدا لە قۆناغی کۆتایی خوێندن جێبەجێی بکات.

کەواتە، دەشێ بڵێین پڕۆژەی توێژینەوەی دەرچوون لە قۆناغی سێیەمەوە دەستپێدەکات وەک درێژەپێدەری میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی، بەڵام بە گوێرەی پسپۆڕییەکان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر دەگۆڕێت، بە شێوەیەکی گشتیش نووسین و بە ئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکە لە قۆناغی چوارەم (یان کۆتایی) دەبێت.

# جۆرەكانی پرۆژەی توێژینەوەی دەرچوون

پرۆژەی توێژینەوەی خوێندنی بەرایی بە شێوەیەکی گشتی لە هەردوو لایەنی تیۆریی و پراکتیکییەوە هاوشێوەی توێژینەوەیەکی زانستی خوێندنی باڵاترە، لەبەرئەوە هەندێکجار وا سەیردەکرێت کە ئەمە یەکەم قۆناغی توێژینەوەیەکی گەورەی زانستییە. هەروەها گرنگە خوێندکار پەیڕەوی لە میتۆدێکی روون و دیاریکراو، یان زیاتر لە میتۆدێک بکات لە توێژینەوەکەیدا بە گوێرەی بابەتەکەی.

جۆرەکانی توێژینەوە بە گوێرەی پسپۆڕییەکان دەگۆڕێت، بەڵام بۆ توێژینەوەی دەرچوونی بەکالۆریۆس ژمارەیەک جۆری جیاوازی توێژینەوە هەن، کە بەشێوەیەکی گشتی جۆرە باوەکانی بۆ پسپۆڕییە جیاوازەکان و میتۆدە بەکارهاتووەکان لە بەشە زانستییەکان و وانەکانی پەیوەست بە توێژینەوەی زانستی لە زانکۆماندا دەخوێنرێن.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن سەیری ئەو نەخشەیەی خوارەوە بکە کە جیاوازی توێژینەوەکان لەڕووی بڕی تێچوون، کاتی تەواوکردن، مەودا و چونە قوڵایی زانست و ئازادی لەدانانی گریمانەکان لە توێژینەوەکەدا دەخاتەڕوو، کە خاڵەکان لە یەکەوە تا دە (1ـ 10) دەست پێدەکات. تا ژمارەکە زیاتر بێت بڕی تێچوون، کاتی تەواوکردنی توێژینەوە، فراوانی و چوونە قوڵایی و دانانی گریمانەکان لە توێژینەوەکەدا زیاد دەکات.



## هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان

خوێندکار دەبێت بە وردی بیر لە هەڵبژاردنی بابەت و پرسیار و کێشە و ناونیشانی توێژینەوە بکاتەوە، ئینجا پێشکەشی لیژنەی زانستی بکات و پەسەند بکرێت و توێژینەوەکەی ئەنجام بدات. بۆ ئەمەش دەبێت لە ساڵی پێش کۆتایی بەکالۆریۆسەکەیەوە ئامادەکاری بۆ بکات، تا لە ساڵی کۆتاییدا هەر لەسەرەتاوە دەست بە توێژینەوەکەی بکات، هەروەها خوێندکار مافی هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشانی هەیە. یان دەتوانێت یەکێک لەو ناونیشانانە هەڵبژێرێت کە لەلایەن لیژنەی زانستی بەشەکەیەوە پێشنیاز دەکرێن بۆ توێژینەوە. بۆ ئەم کارەش پێویستە خوێندکار وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- ئایا بابەت و ناونیشانەکە ئەکادیمین؟ واتا دەشێت لەو ناونیشان و بابەتە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بنووسیت؟
- ئایا فراوانی یان بەرتەسکیی بابەتەکە رەچاوکراوە؟ ئایا لە توانادایە بەسەر بابەتەکەدا زاڵ بیت؟ یان دەتوانیت پەیکەرێک بۆ توێژینەوەکە دابنێیت و پلانی بۆ دابرێژیت؟
- ئایا بابەتی توێژینەوەکەت دەگونجێت لەگەڵ ئەو کاتە دیاریکراوەی کە هەتە بۆ تەواوکردنی؟
- ئایا کەرەستە و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەت هەیە؟ ئایا ئەو کەرەستە و سەرچاوانە دەستی تۆ دەکەون؟ یان لە کتێبخانەی زانکۆدا هەن؟ ئایا سەرچاوەکان زانستی و ئەکادیمی و باوەڕپێکراون؟
- ئایا بابەتەکە پەیوەندی بەو کۆرسەی کە خوێندووتە یان بەشە ئەکادیمییەکەتەوە هەیە؟ ئایا لەماوەی ساڵانی خوێندنت هیچ بیرۆکەیەکی پێشوەختت سەبارەت بە بابەتەکە لە لا درووستبووە؟ بۆ نموونە لە قۆناغی پێش کۆتایی (یان سێیەم) ئامادەکاریت کردووە بۆ توێژینەوەکەت؟
- ئایا بە گوێرەی پێویست زانین و زانیاریت لەبارەی بابەتەکەوە هەیە؟ ئایا سەردانی کتێبخانە و ئینتەرنێتت کردووە بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە؟ ئایا هیچ لیستی سەرچاوە (بیبلۆگرافی) و توێژینەوەی هاوشێوەت خوێندۆتەوە؟ لەگەڵ هیچکام لە مامۆستاکانت یان کەسێکی پسپۆڕ گفوگۆت لەبارەیەوە کردووە؟
- ئایا بابەتی توێژینەوەکەت جێگەی رەزامەندی و ئارەزووی خۆتە؟ دەتوانیت لەبارەیەوە تێڕوانین و ئارگیومێنتەکانی خۆت بخەیتەروو یان ئەو بۆچوون و ئارگیومێنتانەی کە هەن بە میتۆدێک کاریان لەسەر بکەیت؟
- ئایا توێژینەوەکەت دەبێتە جێگەی بایەخ و گرنگی؟ سوودی تیۆری یان پراکتیکی هەیە؟
- ئایا پرسیارت لە خۆت کردووە لەبارەی ئامانجی توێژینەوەکەت؟ یان دەتەوێت چی بنووسیت و بۆچی ئەو بابەتەت هەڵبژاردووە؟

## وەرگرتنی ڕەزامەندی

بەشەکان دەبێت خاوەن داتابەیسی تایبەت بە توێژینەوەکان بن، تا بزانن ساڵانە چەند توێژینەوە و لە چ بوارێکدا ئەنجامدەدرێن و ڕێگە بە کام توێژینەوانە دەدەن بۆ ئەنجامدانیان. هەروەها هەر خوێندکارێک پێویستە توێژینەوەیەک ئەنجام بدات، بەڵام بۆ ئەو بەش و بابەتانەی کە پێویستیان بە کاری گروپیی هەیە، یان لە دۆخێکدا کە ژمارەی خوێندکاران زۆر و ژمارەی سەرپەرشتان کەم بوو، ئەوا بە گوێرەی پلان و پێوەری زانستی لە لیژنەی زانستی بەش و سکوڵ یان فاکەڵتی بڕیاردەدرێ کە توێژینەوەیەک لە لایەن زیاتر لە خوێندکارێکەوە ئەنجام بدرێت. ئەمەش بە مەرجێک بۆ بابەتە مرۆڤایەتییەکان لە دوو (2) خوێندکار و بۆ بابەتە زانستی و پراکتیکییەکان لە سێ (3) خوێندکار زیاتر نەبن.

لەهەر ساڵێکی خوێندندا، لە قۆناغی پێش کۆتایی بەکالۆریۆسدا، لیژنەی زانستیی بەش پێویستە لیستێکی بابەت و ناونیشان ئامادە بکات و بیخاتە بەردەم خوێندکاران، تاکو ئەگەر خوێندکاران خۆیان نەیانتوانی بابەت و ناونیشان دیاریبکەن ئەوا لەو لیستەدا هەڵیبژێرن. هەروەها خوێندکار دەبێت پرسیارەکانی توێژینەوە و کورتەیەک لەبارەی پرۆژەی توێژینەوەکەی پێشکەش بە لیژنەی زانستی بەش بکات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەربگرێت و دواتر دەتوانێت لە پرسیاری توێژینەوەکەی یان ئەو کێشە و بابەتەی دیاریکردووە، ناونیشانێک دابڕێژێت.

بە مەبەستی دڵنیابوون لە لایەنی زانستی و ڕاستی و دروستی ئەو توێژینەوانەی لایەنی پراکتیکی و مەیدانی لەخۆدەگرن، هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە توێژینەوەکەت لە ڕووی یاسایی و ئێتیکی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە نابێتە هۆی لەکەدارکردنی هیچ کەس و لایەنێک و سەرەنجامی نەخوازراو، دەبێت سەرەتا ڕەزامەندی سەرپەرشتەکەت لە سەر پرسیارەکانی توێژینەوەکەت و هەنگاوەکانی وەربگریت و پاشان:

1. دەبێت بەشداربوانی توێژینەوەکەت دیاریبکەیت کە کێن، بە تایبەت لە ڕوی تەمەن و توخمەوە.
2. چۆن پەیوەندی بە بەشداربووانی توێژینەوەکەتەوە دەکەیت؟
3. چۆن ڕەزامەندی لە بەشداربووان وەردەگریت بۆ توێژینەوەکەت؟

4. چۆن پارێزگاری لە تایبەتمەندیی بەشداربووان دەکەیت و نهێنیان نادرکێنی، بە تایبەت لە رووی ناونەهێنانیانەوە؟

5. دانانی پلان و فۆرمی پێشوەختی پرسیار و راپرسی بۆ کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی زانیارییە پێویستەکان.

دوای جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پێشوو، لیژنەی زانستیی بەش بە نووسراوێک سەرووی خۆی لە لیستی توێژینەوەکان ئاگاداردەکاتەوە، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە سەر دەستپێکردنی پڕۆژەکان، بەڵام سکوڵ یان فەکەڵتی مافی ئەوەی هەیە سەیری ناوەڕۆکی پرسیارەکان و تەنانەت کورتەی پڕۆژەکانیش بکات و تێبینیەکانی خۆی ئاڕاستەی سەرپەرشت و لیژنەی زانستیی بەش بکات.

# کارکردن لەگەڵ سەرپەرشتی توێژینەوە

## چۆنیەتی دانانی سەرپەرشت بۆ خوێندکار:

لە قۆناغی سێیەمی خوێندندا، خوێندکار دەبێت پرسیارەکانی توێژینەوە و کورتەیەک لەبارەی پڕۆژەی توێژینەوەکەی (یەک لاپەڕەی A4) پێشکەشی لیژنەی زانستی بەش بکات بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ بابەت و بوار و بایەخ و گرنگییەکەی بکرێت بەگوێرەی پلان و ستراتیژی زانکۆ و فاکەڵتی و سکوڵ و بەشەکان و ئینجا پەسەند بکرێت، هاوکات بە گوێرەی پسپۆڕییەکەی سەرپەرشتی بۆ دابنرێت. ئەگەر خوێندکارەکە نەیتوانی ئەمکارە ئەنجام بدات، ئەوا پێویستە بە ناچاری یەکێک لە بابەت و ناونیشانە پێشنیازکراوەکانی بەشەکەی هەڵبژێرێت تا توێژینەوەی لەبارەوە بکات و لیژنەی زانستیش بە گوێرەی بابەت و پسپۆریی سەرپەرشتی بۆ دیاریدەکات. بەمجۆرەش، خوێندکارەکە دەرفەتی هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانەی بابەت و ناونیشان لەدەستدەدات و ناچارە بابەت و ناونیشانێک هەڵبژێرێت کە ئەگەری هەیە لەگەڵ توانست و ویستی خۆی نەگونجێت و ئەرکێکی سەخت بخاتەئەستۆی خۆی.

## پەیوەندی لەگەڵ سەرپەرشت:

پەیوەندی رێکخراوی نێوان سەرپەرشت و خوێندکار دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش لە توێژینەوەکەدا بەپێی پێوەرە زانستییەکان، ئەویش بە هەوڵدان و ریکخستنی پەیوەندییەکان لە نێوانیاندا بەدانانی خشتەیەکی ڕێک و پێک بۆ ماوەی توێژینەوەکە و چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشت، بە مەبەستی رێنوینی پێویست و ئەنجامدانی هەنگاوەکانی پرۆژەکە بە شێوازی زانستییانە.

## کار و ڕۆڵی سەرپەرشت لەماوەی توێژینەوەدا:

1. گوێگرتنە لە بیروبۆچونەکانی خوێندکار بۆ ئەوەی ئامۆژگاری تەواوی بکات لەڕووی تەکنیکی و زانستییەوە بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی توێژینەوەکە.

2. پێدانی فیدباکە لەسەر کارەکانی توێژینەوەکە لەماوەی کارکردندا، ئەمەش بە فۆرمێک رێکدەخرێت لە نێوان سەرپەرشت و خوێندکاردا (**بروانە: خشتەی دیداری نێوان سەرپەرشت و خوێندکار ــ ل14**). دوای تەواوکردنی کاتی دیدار ئەم فۆرمە پڕ دەکرێتەوە و خاڵەکانی بەرەوپێشچوونی توێژینەوەکە لە راسپاردە و رێنمایی و هەروەها بەروار و کاتی دیدار دەنوسرێت، لە کۆتایشدا هەردوولا واژۆ لەسەر فۆڕمەکە دەکەن. کۆپیەک لە فۆرمەکە

دەدرێتەوە بە خوێندکار، چونکە دەبێت لە کۆتاییدا لەگەڵ ڕادەستکردنی توێژینەوەکەیدا فۆرمەکە هاوپێچ بکات.

3. یارمەتیدانی خوێندکارە بۆ ڕێنماییکردنی لە دۆزینەوەی سەرچاوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە زانستیەکان لەڕووی پسپۆڕی و میتۆدی توێژینەوە و ڕاستکردنەوەی زمانەوانی، نەک یارمەتیدان بۆ نووسینی توێژینەوەکە. ئەگەر سەرپەرشت بە پێویستی زانی، ئەوا دەتوانێت خوێندکارەکە ڕێنمایی بکات تا لە یەکێک لە یەکە و بەشە زانستییەکان یان سەنتەری پەرەپێدان و زمان لە زانکۆ، ڕێنمایی و هاوکاریی زمانەوانیی و تەکنیکی وەربگرێت.

<u>چۆنیەتی دیدار و پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرپەرشت:</u>

دوای ئەوەی لیژنەی زانستی سەرپەرشت دەستنیشان دەکات، خوێندکار دەتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێوە بکات و یەکەم دانیشتن ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی لە سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی کارە زانستیەکان و چۆنیەتی پەیوەندیکردن و ئەجێندای کارکردن ڕێکبکەون.

پێویستە هەردوو لا پلانێکی تۆکمە دابڕێژن بۆ ئەوەی کاتی تەواویان لەبەردەستدا بێت و لەماوەی دیاریکراودا توێژینەوەکە تەواو بێت . بۆ ئەمەش دەبێت هەردوولا پەیوەست بن بە کاتی دیاریکراوی دیدار، هەروەها مامۆستا پەیوەست بێت بە کاتی دیاریکراو لە خشتەی وانەکانی هەفتە کە بۆ توێژینەوە تەرخانکراوە، ئامادە نەبوونی بێ پاساوی مامۆستا یان خوێندکار لە کاتی دیاریکراودا بە (نەهاتوو/غائب) لەو وانەیە هەژمار دەکرێت، بە تایبەت ئەگەر پێشوەخت کاتی دیدار (موعد) ڕێکخرابێت.

دیداری نێوان خوێندکار و سەرپەرشت بە پێی پێویستی دەبێت، بەڵام خوێندکار مافی ئەوەی هەیە لانیکەم هەفتەی جارێک سەرپەرشتەکەی ببینێت. بۆ هەر دیدارێک پێویستە پێشوەخت کاتی دیدارەکە دیاریبکرێت بابەت و کێشە و ڕەشنووسی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بنێردرێت بۆ سەرپەرشت و ئەویش بیخوێنێتەوە و سەرنج و تێبینییەکانی ئامادە بکات تا لە کاتی دیدارەکە بیداتە خوێندکارەکە. بۆ ئەم مەبەستەش باشتر وایە کاتی دیدارەکە وەک کاتی وانەیەک بێت لە هەفتەیەکدا، واتا تا (50) پەنجا خولەک بخایەنێت، ئەمەش بە گوێرەی پێویست.

خوێندکار پێویستە هەنگاو بە هەنگاو ڕەشنووسی توێژینەوەکەی پیشانی سەرپەرشتەکەی بدات تا تێبینی و ڕێنمایی و ڕاسپاردەی لێوەرگرێت و ئاراستەی دروستی پیشانبدات. ئەمە هاوکار دەبێت لە نووسینی توێژینەوەیەکی دروست و دابەشکردنی کات بەسەر بەشەکانی توێژینەوەکەدا بە گوێرەی پلان و بەشێوەیەکی زانستیی.

**زانکۆی ڕاپەڕین – فاکەڵتی/ سکوڵی [ ] - بەشی [ ]**

**خشتەی دیداری نێوان سەرپەرشت و خوێندکار**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ناوی سیانیی سەرپەرشت** | | **ناوی سیانیی خوێندکار** | |
| **ناونیشانی توێژینەوە** | | | |

| **کاتی دیدار** | **تێبینی و ڕێنمایی و ڕاسپاردە** | **ئیمزای سەرپەرشت** | **ئیمزای خوێندکار** |
|---|---|---|---|
| ڕۆژ: ( ) شەممە<br>ڕێکەوت: / / 201<br>کات: | | | |
| ڕۆژ: ( ) شەممە<br>ڕێکەوت: / / 201<br>کات: | | | |
| ڕۆژ: ( ) شەممە<br>ڕێکەوت: / / 201<br>کات: | | | |
| ڕۆژ: ( ) شەممە<br>ڕێکەوت: / / 201<br>کات: | | | |

## شێواز و فۆرماتی نووسینی توێژینەوەی دەرچوون

### لایەنی تەکنیکی پڕۆژەی توێژینەوە پێویستە:

1. خوێندکار دەبێت بەزمانی پسپۆڕی خوێندنی بابەتەکە توێژینەوەکەی بنووسێت لە (کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی).

2. پەڕی سپی جۆری (A4) بەکاردەهێنرێت و لە یەک رووی لاپەڕەکە دەنووسرێت.

3. تێکست بەفۆنتی (14) و ناونیشانەکان بە فۆنتی (16) دەنووسرێن و تەنها ناونیشانەکان بۆڵد (تۆخ) دەکرێن.

4. فۆنتی (Times New Roman) بۆ زمانی ئینگلیزی، فۆنتی (Unikurd Goran یان Unikurd Web) یان (Ali-K-Alwand) بۆ کوردی، هەروەها (Ali-A-Alwand) بۆ زمانی عەرەبی بەکاردەهێندرێن.

5. جگە لە بەرگ و وێنە و گراف، هەموو نووسینەکان تەنها بە رەنگی رەش دەنووسرێن.

6. لە یەکەم دێڕی هەر پەڕەگرافێک دەبێت (0.5) سم بۆشایی بەجێبهێڵدرێت لە فۆرماتی Paragraph.

7. هەموو لایەکانی پەڕەکە دەبێت (2.50) سم بێت، جگە لە لەو لایەی کە دەچەسپێت یان سپایرۆڵ دەکرێت دەبێت (3) سم بێت.

8. بۆشایی نێوان دێڕەکان (Line Spaces) دەبێت (1.5) بێت لە فۆرماتی Paragraph.

9. جگە لە سەرچاوەکان و پاشکۆکانی توێژینەوەکە، ژمارەی لاپەڕەکان دەبێت بە گوێرەی بابەت و توێژینەوە زانستییەکان بێت، بەمشێوەیە:

| | |
|---|---|
| _ توێژینەوەی بابەتە پراکتیکی و زانستییەکان | 20 _ 35 لاپەڕە |
| _ توێژینەوەی بابەتە مرۆڤایەتییەکان | 20 _ 35 لاپەڕە |
| _ توێژینەوەی بابەتە وێژەییەکان | 30 _ 45 لاپەڕە |

10. پەراوێز بە شێوازی ئۆتۆماتی (فوت نۆوت) دەبێت کە لە (ۆرد)دا هەیە، بە فۆنتی (12) دەبێت، ئەویش بۆ روونکردنەوە و پێناسە و زانیارییەک دەبێت کە پێویست ناکات لە ناوەرۆکدا بنووسرێت.

11. چۆنێتی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی بەڵگە و خشتە و هێڵکاری، داتا و ئارگیومێنت و دەق، بەکارهێنانی سەرچاوەکان و ریزکردنی سەرچاوە و خاڵبەندییەکان بە شێوازی ئەکادیمی Harvard Style of Referencing دەبێت. کە پێویستە لە بابەتی (میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی) ئاماژەی بۆ کرابێت.

## شێوەو بەشەکانی توێژینەوە:

**یەکەم: شێوەو بەشەکانی بەرگی یەکەمی توێژینەوە بەو شێوەیەی خوارەوە ڕێک دەخرێت:**

- لۆگۆی زانکۆ (دەکەوێتە بەشی سەرەوەی لای چەپی بەرگەکە) و نووسینی بەشی ڕاستی لای سەرەوەی بەرگەکە (بۆ زمانی ئینگلیزی بە پێچەوانەوە دەبێت) بۆ زمانەکانی کوردی و عەرەبی بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت:

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی ڕاپەڕین

فاکەڵتی/ سکوڵی ...

بەشی ...

- ئینجا ناونیشانی توێژینەوە دەنووسرێت بە فۆنتێکی قەبارە گەورە.
- لەژێر ناونیشان ئەمە دەنووسرێت:

ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری (..........)دا پێشکەشی بەشی (............) لە سکوڵی یان فاکەڵتی (............)ی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە.

- ناوی سیانی خوێندکار
- پلەی زانستی و ناوی سەرپەرشت
- بەرواری رادەستکردنی توێژینەوەکە: رۆژ/مانگ/ساڵ
- بەرگ هیچ ژمارەیەک وەرناگرێت

**دووەم: لاپەڕەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکدەخرێن:**

* پێشکەش (ئارەزوومەندانەیە)

* سوپاس و پێزانین (ئارەزوومەندانەیە)

* لیستی ناوەڕۆک و ژمارەی لاپەڕە

* پوختەیەک لە (یەک A4) زیاتر نەبێت

* لیستی هێما و کورتکراوەکان (ئەگەر هەبوو)

* پەڕەیەکی سپی

* ئەم لاپەڕانە ژمارە وەردەگرن بە شێوەی ژمارەکردنی سیستەمی ڕۆمانی (I،II، III ...)

* پێشەکی: دارشتن و دەربڕینێکی کورتی یەک تا دوو (1_2) لاپەڕە دەبێت. بە کورتی لەبارەی ناوەڕۆک و بەشەکان، هێڵ و ئارگیومێنتە سەرەکییەکان، پلان و میتۆدی بەکارهێنراو، کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە، بایەخ و ئامانجی توێژینەوەکە دەنووسرێت. ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە دەتەوێ لەبارەی چییەوە بنووسیت؟ بەکورتی دەتەوێ چ ڕاستییەک دەرخەیت؟ دەبێ ڕەچاوی خوێنەرەکەت بکەیت تا توێژینەوەکەت بە سەرنجەوە بخوێنێتەوە.

* بەش و باس و تەوەرەکان: باشتروایە توێژینەوە لە نێوان دوو بۆ سێ (2_3) بەشدا بێت، کە تیایاندا بەشێوەیەکی هاوسەنگ میتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە و زانیاریی و ئارگیومێنتەکان و ئەنجام و گفتوگۆوپێشنیاز و ڕاسپاردەکان و دەرەنجام و ڕەنگدانەوەی فێربوون هەبێت، بە گوێرەی بەش و بابەتە جیاوازەکان، بە تایبەت لە پەیڕەوکردنی شێواز و میتۆدی توێژینەوەکە پێویستە ڕەچاوی ستراتیژ و پلانی ئەکادیمی بەشە زانستییەکە و بابەت و پسپۆڕییەکە بکرێت، بە تایبەت لە لایەنەکانی: تیۆری و پراکتیکی، کاری مەیدانی یان تاقیگەیی، ڕووپێوی و نموونەکاری، ڕیزبەندی لۆژیکی، شێوازەکانی شرۆڤەیی و ڕاڤەیی و ڕەخنەیی و بەراوردکاریی یان جۆری ئارگیومێنتهێنانەوە و ...هتد.

ئەمەش بە دوو شێوە ڕێکدەخرێت: پلانی وتاریی 'Essay' کە ڕیزبەندی ژمارەیی (دیجیتاڵی) لەجیاتی بەش و باس و تەوەرەکان دادەنرێت، یان بەشێوازی دابەشکاریی بەش و باس و تەوەرە بێ ژمارە، وەک:

بەشی یەکەم: وەک دەروازەیەکی تیۆریی بۆ توێژینەوەکە دادەنرێت، پێکدێت ~~لە~~ (لایەنیکەم) دوو باس، دەشێت باسەکانیش دابەشبکرێن بۆ تەوەرە. کە

بەشی دووەم: لەم بەشەوە دەست بە هێڵە سەرەکییەکانی توێژینەوە و روونکردنەوە و بەڵگە و لێک شیتەڵکردنی داتاکان و ئارگیومێنتەکان دەکرێت، کە پێکدێت لە (لایەنیکەم) دوو باس، دەشێت باسەکانیش دابەشبکرێن بۆ تەوەرە.

بەشی سێیەم: وەک درێژەپێدەری بەشی دووەم دادەنرێت، بۆ خستنەسەری بەڵگە و جەختکردنەوە، ئارگیومێنت و بۆچوونی تازە و جیاواز، کە پێکدێت لە (لایەنیکەم) دوو باس، دەشێت باسەکانیش دابەشبکرێن بۆ تەوەرە.

دەرەنجام و راسپاردەکان، کە هەڵسەنگاندنێکی پوختی ئارگیومێنت و بۆچوونەکانە تا لێیانەوە بگەیتە دەرەنجامی دروست و راسپاردە و پێشنیاز، هەروەها خاڵی بەهێز و لاوازی تیۆر و ئارگیومێنت و تاقیکردنەوەکان دەستنیشان دەکرێن و تێیدا دەگەین بە زانین و حەقیقەتی تازەی زانستی.

* لیستی سەرچاوەکان: باشتروایە ژمارەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لە دە (10) سەرچاوە کەمتر نەبێت و رێژەکەش بە گوێرەی بابەت و زانستەکە و زۆری و کەمی سەرچاوە دەگۆڕێت. ریزکردنیشیان لە کۆتایی ناوەرۆکی توێژینەوەکە بە گوێرەی ریزبەندی ئەلفابێتیک دەبێت، (کە لە دوای تێکستە پیرۆزەکان، دەستوور و دەقە یاساییەکان) بە گوێرەی سەرچاوەی یەکەمی و دووەمییەکان ریزدەکرێن. دەشێت لە کۆتایی سەرچاوە بەکارهاتووەکاندا ئاماژە بۆ 'سەرچاوەی پەیوەندیدار' بکرێت بۆ خوێندنەوە و زانیاری زیاتر.

* لە نووسینی سەرچاوە پێویستە پەیڕەوی شێوازی هارڤارد بکرێت بۆ سەرچاوە جیاوازەکان لە کتێب و جۆرنال و میدیا (گۆڤار و رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڤیدیۆ و ئینتەرنێت... هتد) و نامە و دەستنووس و تێز و وێنە و خشتە و دیدار و هتد... یان لە نووسەر و زیاتر لە نووسەرێکی هەمان سەرچاوە، زیاد لە سەرچاوەیەکی هەمان نووسەر، شوێن و ساڵی چاپ یان بێ شوێن و ساڵی چاپ، دەزگای بڵاوکەرەوە و چاپکار، ژمارەی لاپەڕە، بڵاونەکراوە، راپۆرت و کۆنفرانس و راسپاردە و یاساکان، فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا، ستانداردەکان... هتد.

* لە پێشەکییەوە تا کۆتایی لیستی سەرچاوەکان، لاپەڕەکان ژمارە وەردەگرن، کە لە خوارەوەی لاپەڕەکە لە ناوەڕاستەوە دەنووسرێن.

* پاشکۆکان

## رادەستکردنی توێژینەوەی دەرچوون

بەرواری کۆتایی بۆ ڕادەستکردنی توێژینەوە بەرواری (2ی ئایار) هەموو ساڵێکە، بەڵام ئەگەر ئەو بەروارە کەوتە ڕۆژانی پشوو، توێژینەوەکە ڕۆژی دواتر ڕادەست دەکرێت، (واتا یەکەم ڕۆژی دەوام لە مانگی ئایاردا). کە دەبێت لەسەر بەرگی توێژینەوەکە ئەو بەروارە بنووسرێت.

خوێندکار دەتوانێت توێژینەوەکە وەک هەر یەکێکی دیکە لە وانەکان، بەهەر هۆکارێک بێت بخاتە خولی دووەم یان لە کاتی دەرنەچوونیدا لە خولی دووەم پێشکەشی بکاتەوە، بەڵام لەو دۆخەدا بە گوێرەی ڕێساکانی نمرە دانانی خولی دووەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و نمرەی شایستەی بۆ دادەنرێت.

توێژینەوە لە دوای وادەی دیاریکراو نمرەی لێدەشکێندرێت، ئەوەش بە مەرجێک لە هەفتەیەکی دەوام زیاتر نەبێت، (بەروارەکە لەسەر بەرگەی توێژینەوەکە دەنووسرێت) توێژینەوە لەو ماوەیە زیاتر دوا بکەوێت خوێندکار بە کەوتوو دادەندرێت لە خولی یەکەم.

نمرە شکاندن بۆ ماوەی هەفتەیەکی دەوام (کە پێنج ڕۆژە) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

| دواکەوتن (بە ڕۆژ) | نمرە لێشکاندن |
|---|---|
| یەک (1) ڕۆژ | دوو (2) نمرە |
| دوو (2) ڕۆژ | پێنج (5) نمرە |
| سێ (3) ڕۆژ | هەشت (8) نمرە |
| چوار (4) ڕۆژ | یازدە (11) نمرە |
| پێنج (5) ڕۆژ | چواردە (14) نمرە |

# گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە

هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن بۆ پێدانی نمرە و ئاستە بە توێژینەوەکە، هەروەها بۆ دیاریکردنی لایەنە باشەکان و هەڵە و کەموکورتییەکانی توێژینەوەکەیە، ئەمەش بە گوێرەی فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن دەبێت.

لیژنەی زانستی بەش هەڵدەستێت بە وەرگرتنی توێژینەوەکان لە وادەی دیاریکراوی خۆیاندا. دەبێت خوێندکار سێ (3) سێ دانە کۆپی سەر کاغەز و دوو (2) کۆپی سەر سی دی لە توێژینەوەکەی پێشکەشی لیژنەکە بکات (بۆ سەرپەرشتیار، دوو هەڵسەنگێنەر و یەک سی دی بۆ کتێبخانە و ئەوی تر بۆ بەشی زانستی)، پاشان لەلایەن لیژنەکەوە بە شێوەیەکی هەرەمەکی و نادیار ژمارە بۆ توێژینەوەکان دادەنێن و بە گوێرەی پسپۆڕی دابەشدەکرێن بەسەر ستافی ئەکادیمی بەش یان فاکەڵتی/ سکوڵ. ئەمەش بە واتای ئەوەی دەشێت خوێندکار لە بەشێک بێت و هەڵسەنگێنەرەکەی لە بەش و سکوڵ و فاکەڵتییەکی دیکە بێت.

چۆنێتیی هەڵسەنگاندن:

- وێنەیەک دەدرێتەوە بە سەرپەرشت و دەتوانێت بە گوێرەی سەد (100) نمرە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، ئەمەش بە رێگەی فۆری هاوپێچی تایبەت بە سەرپەرشت دەبێت. کە دواتر لیژنەی زانستی دەیکەن بە چل (40) نمرە بە گوێرەی فۆرمی تایبەت بە لیژنەی زانستی.

- وێنەیەک بۆ ئەو دوو (2) هەڵسەنگێنەرەی کە لیژنەی زانستی دیاریکردون، هەر یەکەیان بە گوێرەی سەد (100) نمرە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، ئەمەش بە رێگەی فۆرمی هاوپێچ تایبەت بە هەریەکە لە هەڵسەنگێنەری یەکەم و دووەم دەبێت. دواتر بەش و لیژنەی زانستی دەیکەن بە سی (30) نمرە بۆ هەریەکەیان بە گوێرەی فۆرمی تایبەت بە لیژنەی زانستی.
- هەڵسەنگاندن و دانانی نمرە پێویستە یەک هەفتە پێش دەستپێکردنی یەکەم تاقیردنەوەی کۆتاییساڵ تەواوکرابن، ئەمەش بە گوێرەی ئەو دابەشکاریە دەبێت کە لە فۆڕمەکانی هەڵسەنگاندندا هاتووە.

• دەبێت لە هۆڵێکدا و بە شێوەیەکی ئاشکرا و ئامادەبونی ئارەزومەندانەی کەسانی دیکە گفتوگۆ لە سەر توێژینەوەکە بکرێت.

• دوای گفتوگۆ و وەرگرتنی ڕاوبۆچون و نمرەی هەڵسەنگێنەرەکان، خوێندکار دەبێت دوبارە دوو کۆپی سەر کاغەز و یەک کۆپی سەر سیدی (CD) لە توێژینەوەکەی بە چاککراوی ئدەستی بەشەکەی بکاتەوە و بەشەکە یەکێک لەو کۆپیانە هەڵدەگرێت و ئەویدیکە دەداتە کتێبخانە. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا توێژینەوەیەکی باش و تۆکمە بۆ خوێندکار و سەرپەرشت و بەشەکە ئەرشیف بکرێت. لە کاتی نەهێنانیدا بەشەکە دەتوانێت فۆرمی 'ئەستۆپاکی' بۆ واژۆ نەکات.

• دوای تەواوبوونی هەر چوار فۆرمەکە و پڕکردنەوەیان (لیژنەی زانستی، سەرپەرشت، دوو هەڵسەنگێنەر) ئەوا فۆرمەکان لێکدەدرێن و دەدرێنە لیژنەی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ، تاوەکو وردبینیان بۆ بکەن و ئەگەر خوێندکار گازندەی هەبوو دواتر لیژنەی گازندەکان سەیریان بکەنەوە.

• بڕوانە ئەمانەی خوارەوە کە نموونەکانی فۆرمی نمرەدانانی سەرپەرشت و دوو هەڵسەنگێنەرەکە و بەش و لیژنەی زانستیین بۆ نمرە و ئەنجامی کۆتایی و ئاستی توێژینەوەکە:

**فۆرمی یەکەم: تایبەت بە سەرپەرشت** **(ل 23)**

**فۆرمی دووەم: تایبەت بە هەڵسەنگێنەری یەکەم** **(ل 24)**

**فۆرمی سێیەم: تایبەت بە هەڵسەنگێنەری دووەم** **(ل 25)**

## زانكۆی ڕاپەڕین

**فاكەڵتی/ سكوڵ:** **بەش:**

## خشته و پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون

| | |
|---|---|
| **ناوی سیانی خوێندكار** | |
| **ناونیشانی توێژینەوە** | |

خشتەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون تایبەت بە سەرپەرشت

| **لایەنەكانی توێژینەوە** | **نمرە** | **نمرەی بەدەستهاتوو** |
|---|---|---|
| ئاراستەی خوێندکار بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە (بەدواداچوون و ڕێکخستن و کارەکانی تایبەت بە توێژینەوە) | %10 | |
| پلانی توێژینەوە و ئارگیومێنت و دەربرین و خاڵبەندی و ڕوونی و تەکنیکی نووسین و بەکارهێنانی خشتە لە دەرخستنی زانیاریەکاندا | %15 | |
| پوختە (Abstract) | %10 | |
| پێشەکی (Introduction) | %10 | |
| چۆنێتیی نووسین و بەکارهێنانی سەرچاوە لە ناو دەقەکانی نووسین و پەراوێز (Referencing and Resources) | %10 | |
| میتۆد و کەرەستەکانی توێژینەوە (Methods and Materials) | %15 | |
| ئەنجام (Results) | %10 | |
| گفتوگۆ و دەرئەنجام و ڕاسپاردە | %20 | |

| | |
|---|---|
| **ناوی مامۆستای سەرپەرشت** | |
| **نمرە** | |
| **ئیمزا** | |
| **بەروار** | |

## زانکۆی ڕاپەڕین

**فاکەڵتی/ سکوڵ:** **بەش:**

# خشتە و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون

| | |
|---|---|
| **ژمارەی نهێنی خوێندکار** | |
| **ناونیشانی توێژینەوە** | |

خشتەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون تایبەت بە هەڵسەنگێنەری یەکەم

| لایەنەکانی توێژینەوە | نمرە | نمرەی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| بایەخ و گرنگی توێژینەوەکە لە بوارە جیاوازەکاندا | %10 | |
| پلانی توێژینەوە و ئارگیومێنت و دەربرین و خاڵبەندی و ڕوونی و تەکنیکی نووسین و بەکارهێنانی خشتە لە دەرخستنی زانیاریەکاندا | %15 | |
| پوختە (Abstract) | %10 | |
| پێشەکی (Introduction) | %10 | |
| چۆنێتیی نووسین و بەکارهێنانی سەرچاوە لە ناو دەقەکانی نووسین و پەراوێز (Referencing and Resources) | %10 | |
| میتۆد و کەرەستەکانی توێژینەوە (Methods and Materials) | %15 | |
| ئەنجام (Results) | %10 | |
| گفتوگۆ و دەرئەنجام و ڕاسپاردە | %20 | |

| | |
|---|---|
| **ناوی مامۆستای هەڵسەنگێنەر** | |
| **نمرە** | |
| **ئیمزا** | |
| **بەروار** | |

| زانکۆی ڕاپەڕین |
|---|
| فاکەڵتی/ سکوڵ:                    بەش: |

**خشتە و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون**

| | |
|---|---|
| ژمارەی نهێنی خوێندکار | |
| ناونیشانی توێژینەوە | |

خشتەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون تایبەت بە هەڵسەنگێنەری دووەم

| لایەنەکانی توێژینەوە | نمرە | نمرەی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| بایەخ و گرنگی توێژینەوەکە لە بوارە جیاوازەکاندا | %10 | |
| پلانی توێژینەوە و ئارگیومێنت و دەربرین و خاڵبەندی و ڕوونی و تەکنیکی نووسین و بەکارهێنانی خشتە لە دەرخستنی زانیاریەکاندا | %15 | |
| پوختە (Abstract) | %10 | |
| پێشەکی (Introduction) | %10 | |
| چۆنێتیی نووسین و بەکارهێنانی سەرچاوە لە ناو دەقەکانی نووسین و پەراوێز (Referencing and Resources) | %10 | |
| میتۆد و کەرەستەکانی توێژینەوە (Methods and Materials ) | %15 | |
| ئەنجام (Results) | %10 | |
| گفتوگۆ و دەرئەنجام و ڕاسپاردە | %20 | |

| | |
|---|---|
| ناوی مامۆستای هەڵسەنگێنەر | |
| نمرە | |
| ئیمزا | |
| بەروار | |

## نمرەی کۆتایی و وەرگرتنەوەی ئەنجامی توێژینەوە

نمرەی کۆتایی توێژینەوە، لەگەڵ وانەکانی تر، لە دوای تەواو بوونی تاقیکردنەوەکان وەردەگیرێتەوە، هەروەها ئاست و فیدباکی هەڵسەنگاندن بە یەکەوە بە خوێندکار دەدرێت.

دوای نمرە دانانی سەرپەرشت و هەڵسەنگێنەرەکان بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن کە لەسەر 100 دیاریدەکەن. بەش و لیژنەی زانستی بەمشێوەیە نمرەی کۆتایی توێژینەوەکە دادەنێن:

- بۆ مامۆستای سەرپەرشت بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن بەم شێوەیەیە 40 نمرەکەی بۆ دیاریدەکرێت: نمرەی بەدەستهاتوو (بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن لەسەر 100) X 0.4 = ( ...)

بۆ نموونە ئەگەر بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن سەرپەرشت (80 لە 100)ی بۆ دانابوو ئەوا دەبێتە 0.4X80= 32 (سی و دوو نمرە لەسەر چل نمرە)

- مامۆستایانی هەڵسەنگێنەر بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن بەمشێوەیە 30 نمرەکانیان بۆ دیاریدەکرێت: نمرەی بەدەستهاتوو (بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن لەسەر 100) X 0.3= ( ...)

بۆ نموونە ئەگەر بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن هەڵسەنگێنەری یەکەم (85 لە 100)ی بۆ دانابوو ئەوا دەبێتە 0.3X85= 25.5 (بیست و پێنج نمرە و نیو لە سی نمرە).

هەروەها بە گوێرەی خشتەی هەڵسەنگاندن هەڵسەنگێنەری دووەم (70 لە 100)ی بۆ دانابوو ئەوا دەبێتە 0.3X70= 21 (بیست و یەک نمرە لە سی نمرە).

- لە کۆتایدا بەش و لیژنەی زانستی هەر سێ نمرەکە کۆدەکەنەوە بە گوێرەی فۆرمەکانی خشتەی هەڵسەنگاندن: (32+25.5+21=78.5) کە بە نزیکەیی دەکاتە (79) حەفتا و نۆ نمرە و ئاستی (باش) وەردەگرێت. ئەگەر لێشکاندنی هەبوو بە هۆی درەنگ رادەستکردنی توێژینەوەکە (یان سزای دیکە) ئەوا بە گوێرەی خشتەی پێشووتر و بڕگەی (رادەستکردنی توێژینەوە) لە ئەنجامی کۆتایی نمرەکەی دادەشکێت. بۆ نموونە ئەگەر توێژینەوەکەی بۆ ماوەی 3 رۆژی دەوام دواخستبوو ئەوا دەبێت 8 نمرەی لێکەم بکرێتەوە، بەمەش (79–8=71) حەفتا و یەک نمرە – ئاستی (باش)

بۆ نمرەی کۆتایی و ئاستی توێژینەوەکە، ئەم فۆرمەی لای خوارەوە بۆ بەش و لیژنەی زانستی ئامادەکراوە:

## زانکۆی ڕاپەڕین

فاکەڵتی/سکوڵ:                بەش:

| | |
|---|---|
| ناوی خوێندکار | |
| ژمارەی نهێنی خوێندکار | |
| ناونیشانی توێژینەوە | |

خشتەی نمرەی توێژینەوەی دەرچوون تایبەت بە بەش و لیژنەی زانستی

| لایەنەکانی توێژینەوە | نمرە لەسەر 100 | بە نووسین | لێکدانی لە | ئەنجام | بە نووسین |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرپەرشت | | | 0.4 | | |
| هەڵسەنگێنەری یەکەم | | | 0.3 | | |
| هەڵسەنگێنەری دووەم | | | 0.3 | | |
| کۆی گشتی بە نزیکی | | | | | |
| لێشکاندن (ئەگەر هەبێت) | | بەهۆی: | | نووسین | |
| نمرەی کۆتایی بە نزیکی | | | | | |

| | |
|---|---|
| مۆر و ئیمزای<br><br>سەرۆکی بەش<br>یان لیژنەی زانستی | |
| ڕێکەوت | |

## ڕێکارە یاساییەکان لە توێژینەوەی دەرچووندا

زانکۆ مافی ئەوەی هەیە توێژینەوەکە یا بەشێکی توێژینەوەکە، لەسەر وێبسایتەکەی یان بەهەر جۆرێکی دیکە بێت، بڵاوبکاتەوە و بەشداری هەرچالاکییەکی پێبکات، وەک نموونەی یەکێک لەو پرۆژانەی کە لە زانکۆدا ئەنجام دراون بۆ مەبەستی زانستی. هەروەها خوێندکاریش دوای وەرگرتنی نمرە و ئەنجامی توێژینەوەکە دەتوانێت لە هەر چالاکییەکی زانستی و ڕەوادا وەک کاری خۆی سوودی لێوەرگرێت یان بڵاوی بکاتەوە، بەڵام بۆ فرۆشتنی توێژینەوەکە یان هەر گرێبەستێک لەگەڵ دامەزراوەکانی دەرەوەی زانکۆ پێویستی بە ڕەزامەندی زانکۆ دەبێت.

هەروەها بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و بنەما زانستی و ئیتیکییەکانی توێژینەوەی زانستی و خوێندنی زانکۆیی و ئەکادیمی، هەر خوێندکار و توێژەرێک پەنا بۆ ئامرازی ناڕەوا و نایاسایی ببات ئەوا تووشی لێپێچینەوە و سزای یاسایی دەبێتەوە. هاوکات لێشکاندنی نمرە (کە لە فۆرمی بەش و لیژنەی زانستیدا هاتووە) بە هۆکاری دیاریکراو دەبێت وەک دواکەوتن یان ئەو سزایانەی لە کاتێکی دیاریکراو پەیڕەو دەکرێن لە بەرامبەر خوێندکاران و نمرەکانیان بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان.

بۆ ڕێگرتن لە هەر گزیی و سەرپێچییەک لە توێژینەوەدا، خوێندکار پێویستە فۆرمی بەڵێننامە ئیمزا بکات دوای خوێندنەوەی، تا وەک بەڵگەیەکی یاسایی لە زانکۆ بمێنێتەوە و لە هەرکاتێکدا هەر کێشە و گزییەک لە توێژینەوەکە ئاشکرا بێت، ئەو خوێندکارە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، سزاکان بە گوێرەی سەرپێچییەکان دەبێت لە نمرە شکاندن یان کەوتنی لە توێژینەوەکە، یان کەوتنی لە ساڵی خوێندن و تا ڕادەی لێسەندنەوەی بڕوانامەکەی.

خوێندکار دەتوانێت وەک هەر وانەیەکی دیکە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، گازندەی خۆی (ئەگەر هەیبوو) بداتە لیژنەی تایبەتمەند، بۆ ئەو مەبەستەش (وەک لە پێشوودا هاتووە) لیژنەی تاقیکردنەوەکان و لیژنەی گازندە، بە ڕەچاوکردنی فۆرمەکان، ڕێکارەکان ئەنجامدەدەن و ئەنجامەکەی ڕادەگەیەنن.

بڕوانە ئەمەی خوارەوە کە نموونەی بەڵێننامەی ڕادەستکردنی توێژینەوەکەیە:

# زانكۆی ڕاپەڕین

**فاكەڵتی/ سكوڵ:** **بەش:**

## بەڵێننامەی ڕادەستكردنی توێژینەوەی دەرچوون بە بەشی زانستی

| | |
|---|---|
| **ناوی سیانی** | |
| **ناونیشانی توێژینەوە** | |
| **ساڵی خوێندن** | |
| **ژمارەی تۆمار** | |

**خوێندكاری بەڕێز، ئەم خاڵانە بخوێنەرەوە، دوای ڕازیبوونت ئیمزایان لەسەر بكە:**

1. بەڵێندەدەم كە بە هیچ شێوەیەک توێژینەوەکەم بە ڕێگەی ناڕەوا نەنووسیوە و ئەنجام نەداوە، لە شێوەی دزینی بیرۆكە و نووسین، داتا و گراف، نەخشە و وێنە و هەر ناوەڕۆک و بابەتێک لە سەرچاوە جۆربەجۆرەكانەوە، بە بێ ئاماژەكردن بۆ سەرچاوەكەی.
2. بەڵێندەدەم كە خۆم خاوەن و نووسەری توێژینەوە و پرۆژەكەمم، لە هیچ كەس و ناوەند و وێبسایتێک نەمكڕیوە و وەرمنەگرتووە و وەرمنەگێڕاوە.
3. بەڵێندەدەم پێشتر ئەم پرۆژە و توێژینەوەیە لە لایەن خۆم و كەسانی دیكەوە پێشكەشی هیچ دەزگا و ناوەند و بڵاوكەرەوەیەک نەكراوە.
4. بەڵێندەدەم كە بابەتەكەم مافی كەسانی دیكەی پێوە نییە، بۆ نموونە بە هاوبەشی بووبێت و ناوی هاوبەشەكەم لابردبێت. هەروەها پێشتر بۆ هیچ دەزگا و ناوەند و بۆ بەدەستهێنانی هیچ پلەیەكی زانستی نەمنووسیوە و بڵاوم نەكردۆتەوە.
5. بەڵێندەدەم كە پەنام نەبردۆتە بەر گزیی و پلەجیریزم (قۆپیە/ وەرگرتنی دەقاودەق) و كۆلاژ و كۆكردنەوە لە سەرچاوەكانەوە، هەروەها پرۆژەكەم لەبەرگرتنەوە و مۆنتاژی سەرچاوەكان نییە و كاری خۆمە.

**لەم خاڵانەی سەرەوە تێگەیشتم و بەرپرسیارم بەرامبەریان لە هەركاتێكدا بێت.**

**ئیمزا:** **ڕێكەوت:**